گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpA 2024
ID No. 1038 (PP 92-104)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpA.6

توێژینەوە

# گۆرانكارییە شێوازییەكان لە تابلۆكانی هونەرمەند محمد عارف
# (توێژینەوەیەكی شیكاری هونەریە)

توانا يحيى خضر*
قاسم حسين صالح**
مؤيد اسماعيل جرجيس***

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (گۆرانكارییە شێوازییەكان لە تابلۆكانی هونەرمەند محەمەد عارف) توێژینەوەیەكی شیكاری هونەرییە، لە چوار بەشی سەرەكی پێكدێت. بەشی یەكەم بریتیە لە چوارچێوەی گشتی توێژینەوە كە تێیدا گرفتی توێژینەوە بە یەك پرسیار دیاریكراوە :- ئەو گۆڕانكاریە شێوازییانە چین كەلە تابلۆكانی هونەرمەند محەمەد عارفدا هەن؟ گرنگی توێژینەوە و ئامانج و سنوری توێژینەوە و پێناسەی چەمك و زاراوەكان.  وە بەشی دووەم تایبەتە بە چوار چێوەی تیۆری توێژینەوە بە لە خۆگرتنی دوو توێژگە: توێژگەی یەكەم (چەمكی گۆڕاو ونەگۆر)، وە توێژگەی دووەم پێكهاتووە لە شێواز وشێوازگەرایی لە هونەری شێوەكاری مۆدرین، پاشان دیاریكردنی ئاماژەكانی چوارچێوەی تیۆری ولێكۆلینەوەكانی پێشوو، ئینجا بەشی سێیەم دێت كە تایبەتە بە ڕێكارەكانی توێژینەوە، كۆمەڵگای توێژینەوە و نمونەی توێژینەوە و ڕێبازی توێژینەوە، بە لە خۆگرتنی (3) نموونە، وە بەشی چوارەم و كۆتایی تایبەتە بە ئەنجام و دەرەنجامەكانی توێژینەوە، كە ئەنجامەكان بریتی بوون لە: 1.هونەرمەند محەمەد عارف لە شێوازی دەربڕینخوازیدا (ئیكسپرسیۆنیزم) هەست و سۆزی خودی بەرجەستە كردووە و وردەكاری پشت گوێ خستووە  لە پێناو بەرژەوەندی دەربڕینی دەروونی ناوخۆیی خودی هونەرمەند، وەک لە نمونەی (1). 2.هونەرمەند محمد عارف شێوازی هێماگەرایی بەكارهێناوە، بۆ بەرجەستە كردنی بیرۆكەكانی  لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە شێوەی واقیعی، وەک لە نموونەی (2). 3. شێوازی واقیعی هونەرمەند محەمەد عارف لە ڕێگەی بەرجەستەكردنی شێوەكان و جەختكردنەوە لەسەر توخمە ژینگەییەكانی دەوروبەری بە دیار كەوتووە، وە لە چوارچێوەی بابەتەكەی مامەڵەی لەگەڵ پرسە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان كردووە، وەک لە نمونەی (3)دا دەركەوت. 4. هونەرمەند بۆ بەكارهێنانی توخمە سروشتییەكان ئیلهامی لە ژینگەی جوگرافیایی دەورووبەری وەرگرتووە، وەک لە نمونەی (1-2-3). 5. هونەرمەند محمد عارف مامەڵەی لەگەڵ ناوەڕۆكی سیاسی و كۆمەڵایەتی كردووە كە كاریگەرییەكەی لە ژینگەی دەوروبەری سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش لە نمونەی (1-2-3)دا ڕوون بوو. وە توێژەران لە كۆتاییدا كۆمەڵێك ڕاسپاردە و پێشنیار و لیستی سەرچاوەكانیان خستە روو.

* بەشی شێوەكاری، كۆلێژی هونەرە جوانەكان، زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر
** بەشی دەرونزانی، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی بەغدا
*** بەشی ڕێنمایی پەروەردەی دەروونی، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر
twana.khudhur@su.edu.krd
qassimsalihy@yahoo.com
moaid.jarjis@su.edu.krd

وەرگرتن 2023/03/06
پەسندكردن 2023/05/25
بڵاوكردنەوە 2024/04/15

وشە سەرەكییەكان:
گۆڕاو،
گۆڕانكاری،
شێواز.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1.چوارچێوەی گشتی توێژینەوە:

### 1. 1. گرفتی توێژینەوە:

تابلۆی هونەری شێوەکاری بە تەنها گوزارشت لە کەسایەتی خودی هونەرمەند ناکات، بەڵکو باس لەو کۆمەڵگایەش دەکات کە تییدا دەژیت، کەلەپوور، مەینەتی، داب و نەریت، ئاواتەکان و کاریگەریە هونەرەکانی دەورووبەریشی لە خۆ دەگرێت، ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریانەی لە کۆمەڵگاکەیدا روودەدات کاریگەری لە سەر شێوازی هونەری هونەرمەند دروست دەکات، وە گۆڕانکارییە شێوازییەکان لە دوای سەرهەڵدانی رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان کە لە عێراق بە گشتی دەستی پێکرد، وە لەسەر دەستکەوتە هونەرییەکان لەڕووی فۆرم و تەکنیک ورەنگ رەنگیداوە، وە هونەرمەندانی کوردستانیش بێبەش نین لەو گۆڕانکاریانە، بۆیە کێشەی توێژینەوە خۆی لەم پرسیارە دەدۆزێتەوە :

-ئەو گۆڕانکاریە شێوازییانە چین کەلە تابلۆکانی هونەرمەند محەمەد عارفدا هەن؟

### 1. 2. گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە بەدەر دەکەوێت کە کۆمەڵە فاکتەرێکی تێکەڵ بەیەک لە ڕووی هونەری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری... لەخۆدەگرێت، وە کاریگەری لەسەر بەدیارخستنی گۆرانکارییە شێوازییەکانی هونەرمەند محەمەد عارف دروست دەکات، کە وەرچەرخانێکی مێژوویی لە گۆڕانکاریە شێوازییەکان لە تابلۆکانیدا بەدیار دەکەوێت. هەروەها گرنگییەکەی لە لێکۆلینەوەی زانستی تایبەت لەم بوارەدا لە رووی کەمی بەشداری بابەتی و رەسەنایەتی زانستی وتیشک خستنە سەر ڕوویەکی زیندوو لە لێکۆڵینەوەی هونەری کوردی مۆدێرندا بەدیار دەکەوێت.

وەگرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەدۆزێتەوە:

1- گۆڕانکارییە شێوازییەکان لە تابلۆی هونەری کوردیدا دیاردەیەکی گرنگە و پێویستی بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی بزوێنەری ڕۆشنبیری هەیە بە تایبەتی گۆرانکارییە شێوازییەکانی هونەرمەند محەمەد عارف .

2- ئەم توێژینەوەیە بەشدارییەکی پتەوە بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی زانستی کوردی بۆ لێکۆڵینەوەی بواری هونەری شێوەکاری.

### 1. 3. ئامانجەکانی توێژینەوە:

دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی توێژینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

1- دەستنیشانکردنی ئەو گۆڕانکارییەی کە لە شێوازی هونەری هونەرمەند محەمەد عارفدا هەیە.

2- دەرخستنی گۆڕانکاریەکانی ئەو شێوازانەی کە لە تابلۆکانی هونەرمەند محەمەد عارفدا هەیە.

### 1. 4. سنووری توێژینەوە:

1- سنووری بابەتی: گۆرانکارییە شێوازییەکان لە تابلۆکانی هونەرمەند محمد عارف .

2- سنووری کاتی: ( 1995 – 2006 ) .

3- سنووری شوێنی: شاری (هەولێر) .

### 1. 5. پێناسەی زاراوەکان:

1. 5 .1. گۆڕان: بارودۆخی بابەتێك دەگوازرێتەوە بۆ بارودۆخێکی تر (البستاني، ب.م، ص40). هەروەها (لالاند) پێناسەی گۆڕان دەکات و دەڵێ: "گواستنەوەیە لە وێنەیەك بۆ وێنەیەکی تر"(لالاند، 2001، ص148). وە لەهونەردا پێناسەکراوە بە "سیستەمێکی گۆڕاو لە ریشاڵەوە بەپێی توخم و بناغەوە، وە پەیوەندی ئەم ریشاڵە دەگۆڕدرێت و لە دواییدا جوڵەیەکی کارایە کە چاڵاکی تێدایە و بە پرۆسە دادەمەزرێت ".(روزنتال، 1980، ص117).

1. 5. 1. 1. پێناسەی رێکاری بۆ گۆڕانکاری: مەبەستی توێژەران لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە کە (گۆڕان بەواتای گۆڕینە لە شێوازێك بۆ شێوازێکی تر) واتا گۆڕانکاری شێوازییە لە قوتابخانەیەکی هونەری بۆ قوتابخانەیەکی هونەری تر.

1 .5 .2. شێواز لە ڕووی زمانەوانی: لە فەرهەنگی (ئەلوەسیت)دا هاتووە: "شێواز بە مانای ڕێگا دێت: دەوترێ ریچکەی شێوازی فلان بەم شێوەیەیە، ڕێگاکەی و بۆچوونەکەی، ڕێگای نووسەرە لە نووسینەکەیدا". (النجار،2008، ص441).

1. 5. 2. 1. شێواز لە ڕووی زاراوە: بەپێی ئیکۆنۆمیدیا لالاند: "شێواز مانای گۆڕانکارییەکی تایبەتە لە یەکێک لە تایبەتمەندییەکان یان هەندێک لە تایبەتمەندییەکان، کە میزاجی هونەری تایبەت دروست دەکات". (لالاند. 1956،ص1342).

1. 5. 2. 2. پێناسەیەی ڕێکاری بۆ شێواز: ئەو ڕێگایەیە کە هونەرمەند بۆ دەربڕینی بیرۆکەیەک، بابەتێک یان ڕووداوێک دەیگرێتە بەر لە کاری هونەریدا (وێنەکێشان) و لەوانەیە بە ئاگایی یان نائاگایی ئەو کارە ئەنجام بدات، وە شێواز لە هونەرمەندێکەوە بۆ هونەرمەندێکی دیکە جیاوازە.

1. 5. 3. گۆڕانکارییە شێوازییەکان: مەبەست لەو گۆڕانکارییە شێوازییانەیە کە هونەرمەند لە ڕێگەی دیدو هزر و ئەزموونی خۆی وە زانیاریەکان و ئەدا تەکنیکییەکەی کارە هونەرییەکانی ئەنجام دەدات، بەجۆرێك بیرۆکە کۆنەکان جێ بهێڵێت و چێژ لە تایبەتمەندی نوێ وەربگرێت، ئەو کاتەی کە بەدوای نوێگەراییدا دەگەڕێت، تاوەکو لە شێوازێك بۆ شێوازێکی تر بجولێتەوە بە پێی هەمەچەشنی شێوازییە هونەرییەکان لە سیستەمێکی خۆ داینامیکیدا (العلواني. 2008، ص11).

1. 5. 3. 1. پێناسەیەی ڕێکاری بۆ گۆڕانکارییە شێوازییەکان: گۆڕانکاری شێوازی مانای گواستنەوەی شێوازی هونەرمەندە لە کارە هونەرییەکەی لە شێوازێك بۆ شێوازێکی تر.

## 2. بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

2. 1. توێژگەی یەکەم: چەمکی گۆڕاو ونەگۆڕ

گۆڕاو بریتیە لە گۆڕانی تایبەتمەندییە سەرەتاییەکان و لە دەستدانی ئەو تایبەتمەندیانە بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بە سەریدا دێت، ئەم تایبەتمەندی و خەسڵەتە نوێیانە جیاواز دەردەکەون بۆ ئەوەی زیاتر لە یەک مانا بسەلمێنن و واتایەکی زیاتر ببەخشن، بەڵام نەگۆڕ بریتییە لە هێشتنەوەی تایبەتمەندیەکانی یەکەم بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک. (احمد. 2021، ص37)، هەروەك ئاشنایە لامان کە مانای چەمکی نەگۆڕ بە درێژایی شارستانییەتە کۆنەکان و ئەوەی کە لە شارستانییەتی میسۆپۆتامیا و دۆڵی نیل و ئەگریکەکان پێشەکشیان کردووە وەرگێڕانێک بۆ چەمکی نەگۆڕ و لە گەلیشیدا چەمکی گۆڕان بوونی هەبووە. هەروەک ئاماژە بەوە دەکرێت کە هونەر لە میسۆپۆتامیا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر گواستراوەتەوە، لەوانە لە شارستانیەتی سۆمەری و بابلی و ئاشوری هەریەک لەم شارستانییانە وەک پێکهاتەیەکی سەربەخۆ سەقامگیری و شوناسێکی سەربەخۆ دەنوێنن، بەڵام یەکخستنیان لەپێکهاتەیەکی گشتگیردا گۆڕانکارییە ناپەیوەندییە سەرەکیەکانی نێوانیانمان بۆ دەردەخات، و بەم شێوەیە دەتوانین بەڕوونی چاودێری نەگۆڕ بکەین ئەگەر هەر قۆناغێك بە جیا روون بکەینەوە، وە ئەو نیشانانەی کە هونەر لەو شارستانیانەدا پێشکەشیان کردووە باشترین بەڵگەن، وەک چۆن لە شێوەی (1) پاشا کۆدیادا دیارە کە شێوازێکی جێگیر ونەگۆڕی هەبووە(البديری، 1999، ص9)، بەڵام لە هونەری میسری کۆن نەگۆڕ بە درێژایی سەردەمی فەرمانڕەوایی فیرعەون درێژ دەبێتەوە، هەرچەندە ئەگەر لەگەڵ هونەرەکانی تر لەو قۆناغەدا بەراورد بکەین گۆڕان دەبینین، ئەگەر وەرگر ئاشنای تاقیکردنەوە هونەرییەکان بێت لە سەرەتای سەردەمی خۆیەوە ئەو نەگۆڕیەی کەناسنامەی هونەری میسری کۆنی تێدا دیاربووە درک پێ دەکات، وە ئەو بیرۆکەیەی پێ دەبەخشێت کە "هونەری میسری خاوەنی شێوازێکی بێهاوتایە" (اتيان. 1982، ص50-51)، وەک هەڕەمەکان، پەیکەری ئەبولهۆل و ئەوانی تر، وەک لە شێوەی (2)، وە لە کاتێکدا هونەری ئەگریکی بە گەشەکردن و گۆڕانێکی بەردەوام جیا دەکرێتەوە، سەرەڕای جێگیری ڕێژەیی لە هەر قۆناغێکدا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتەکەی ئاماژە بەگۆڕانکارییەکی هەمیشەیی دەکات. لێرەدا بۆمان بەدەردەکەوێت کە هونەری ئەگریکی ئەو دوو چەمکە لە مشتومڕێکی بەردەوامدا تێکەڵ کردووە، و جوڵەی بەردەوامی توخمەکان لە ناوەوە و دەرەوەی پێکهاتەی هونەردا بەدی دەکرێت، کەواتە هونەری ئەگریکی بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت، پشت بە ڕاستی و دروستی دەرکەوتنەکان دەبەستێت، بەڵام بابەتی ئەم دەرکەوتانە ملکەچی نەرمترین ڕێساکانی هزری دەبن کەواتە بیرۆکەی بابەتیکردنی بینراوەکان بەئەزموونی عەقڵ و دروستبونی شارەزایی گەشەی شێواز و فراوانبوونی یەکە هونەرییەکانی بەهونەرمەندانی ئەگریکی بەخشی، " ئەکرۆپۆلیسی ئەگریکی دەکرێت بە نموونەیەک دابنرێت لە پتەوی و نەگۆڕی، تەنانەت لەگەڵ ئەو مشت و مڕانەی کە بە درێژایی سەردەمەکان درێژەی کێشاوە "(هويغ. 1978، ص204)، هەروەك لە شێوەی (3).

بۆ توێژەران ڕوون دەبێتەوە کە گۆڕاو ونەگۆڕ هەمیشە پێکەوە پەیوەستن، هیچکامیان بە تەنیا ناناسرێنەوە، مەگەر لە ڕێگەی پەیوەندی بە ئەویترەوە نەبێت، وە هەردووکیشیان دەچنە ناو مشتومڕێکی بەردەوامەوە، بە پشت بەستن بە زەمەنێك کە گۆڕاو و نەگۆڕ پشتڕاست دەکاتەوە.

| | | |
|---|---|---|
|  |  |  |
| شێوەی (1) پاشا گۆدیا | شێوەی (2) ئەبولهەول | شێوەی (3) ئەکروپۆلیس |

بەلام سەبارەت بە گۆڕاو، ئەوە لۆژیکی کارلێککردنی شتەکانە لەناو بازنەیەکی تایبەتمەندیدا، کە فشار و پالەپەستۆکانی دەوروبەر کاریگەریان هەیە لە سەری، ئەمەش وادەکات کە گۆڕان بێتە ئاراوە، و گۆڕانکاری پێویستی و حەتمییەتێکە بۆ زانیاری هونەری (الکناني، 2004، ص1)، وە بەردەوامی یەکێکە لە تایبەتمەندییە جەوهەریەکانی پرۆسەی گۆڕان، دەرکەوتنێکە لە ڕابردوو و سەرەتای سەردەمێکی نوێە کە لە بنەڕەتدا ڕابردوو دەگۆڕێت و هەڵدەوەشێنرێتەوە، ئەمەش تایبەتمەندییەکی بەردەوامی پێدەبەخشیت، وە گۆڕینی هەر گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و قووڵ کە لە سەردەمی ڕابردووەوە دەستی پێکردووە  بۆ هەمیشە بەردەوام دەبێت، وە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم چەمکە بە واتای تێگەیشتن لە شتەکان، یان ڕواڵەتەکان دێت کەواتە گۆڕانکاریی واتە هەڵوەشاندنەوەیە لە پێکهاتەی شتەکە و جێگیریەکەی بۆ تێگەییشتن لە ماناکان، هەر جێگیرییەك کە تێیدا هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەکان رووبدات، دەیکاتە پێکهاتەیەکی تر کە پەیوەندی بە یەکەمەوە هەیە، بەڵام جیاوازە لێی (ابو دیب، 1979، ص234)، لێرەدا تێدەگەین کە گۆران یاسایەکی جێگیری نییە بەو پێیەی پرۆسەیەکە کە (گشت) پارچە پارچە دەکات بە ئامانجی تێگەیشتن لێی، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی توخمەکانی پێشووەوە دەبێت (الکسندر، 1989، ص71)، وە گۆڕانکاری بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبێت، یەکەمیان: گۆڕانکارییەک کە پەیوەستە بە مرۆڤەکان، دووەمیان: گۆڕانی نیشانەکانە، یەکەمیان گۆڕانکارییەکی ڕیشەییە لە جەوهەردا، واتە ڕوودانی وێنەیەکی جەوهەری نوێ کە لە دوای وێنەی جەوهەری کۆن دێت، دووەمیان گۆڕانی نیشانەکانە، واتە گۆڕانکاری لە چەندایەتی، وچۆنایەتی، یان کرداردا (صلیبا، 1982، ص259)، کەواتە بۆمان بەدیار کەوت کە گۆڕاو تەواو پێچەوانەی نەگۆڕە، لە ڕووی تایبەتمەندی شتەکانەوە، ناوەوەی نەگۆڕە بەلام رواڵەتی گۆڕینی رەسەنەکەیە، وە ئێمە تێدەگەین کە گۆڕانکاریی وەک وێنە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بەدەست هاتووە، بەم پێیە گۆڕانکاری ڕوودەدات و دواتر ئەنجامەکانی گۆڕانکاری وەک سیفەتێکی تازە لە دایکبووە دەناسرێت.

2. 2. تویژگەی دووەم: شێواز وشێوازگەرایی لە هونەری شێوەکاری مۆدرین:

2. 2. 3. چەمکی شێواز و شێوازگەرایی:

وشەی شێواز لە ڕێگەی  گەشە و پێشکەوتنی زەمانەوانیەوە بووەتە زاراوەیەکی تایبەت کە پێناسە و گرنگی خۆی هەیە، وە بە شێوەیەکی گشتی شێواز ئاماژەیە بۆ دەربڕینی ئەو دید و بیرۆکە و هەستانەی کە نووسەر یان هونەرمەند لەناخیدا هەڵیگرتووە و دەیەوێت بیگەیەنێتە خوێنەر یان بینەر، لەڕێگەی کۆمەڵێک تایبەتمەندی وەک نووسین، هێڵ، ڕەنگ، پێکهاتە، ڕووناکی و هۆکارە جوانکارییەکانی دیکە کە دەتوانرێت گوزارشت لە ناخی نووسەر و هونەرمەندەکە بکات، وە شێواز لە لێکۆڵینەوە ڕۆژئاواییەکاندا هاتووە و وا دیارە کە زاراوەی شێواز  (Style) لە وشەی لاتینی (Stylus ) وەرگیراوە، واتە پێنوسی ئاسن کە پێشینان لەسەر تابلۆی مۆم پێیان نووسیوە ( الصائغ. 1987، ص5)، بۆ ئەوان بە واتای بەکارهێنانی ئامرازی دەربڕینی نووسەرە بۆ ئامانجە ئەدەبییەکان، وە لە ئەنجامدا جیا دەکرێتەوە لەو یاسایانەی کە مانای فۆرمەکان دیاری دەکات (العلوي. 1914، ص36)، شێواز وشەیەکی باوە زۆرجار لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا بەکاردێت، بۆ هەر چالاکیەک شێوازێک هەیە، شێواز لە نووسین و قسەکردن و خوێندنەوەدا، شێواز لە بیرکردنەوە، شێواز لە بەڕێوەبردن و سیاسەت، شێواز لە مامەڵەکردن و ئامۆژگاری، شێواز لە شەڕانگێزی یان کوشتار، و لەبوارەکانی تری کار و چالاکی و ڕاهێناندا (النحوي. 1999، ص71)، وە لە فەرهەنگی فەرەنسیدا لە ساڵی 1872ی زایینی وە پێناسەکانی بە پێی ئەو لایەنانەی کە لە لێکۆڵینەوەکانیدا هاتووە جیاوازیان

هەبوو، لێکۆڵینەوەکانی مودێرن لە پێناسە کردنی شێوازدا ئاماژە بە ووتەی زانای زمانەوانی فەڕەنسی (بوفۆن)* دەکەن: شێواز واتا مرۆڤ، لەمیانەی ئەو ووتەیەوە هەوڵی داوە بەها ستاتیکیەکانی شێواز ببەستێتەوە بە خانەی بیرکردنەوەی چالاك لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر (صياحي، 2019، ص11)، واتە لێکۆڵینەوەی شێواز بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە، خۆی و دەستکەوتەکانی، کە ئێمە بە لوتکەی ئەدەب و هونەر دەزانین، و ئەمەش دەرئەنجامی هەولی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و ژینگەیی خۆدی مرۆڤەکەیە، مرۆڤ لە ڕێگای قسەکردن و بیرکردنەوە و کاردانەوەکانیدا دەرئەنجامی ژیانی خۆی و ئەزموونی تاکەکەسی و کەلەپووری کولتوورییە، کاتێک ئێمە دەڵێین ئەمە شێوازی فلانە، مانای وایە کە خودی کەسەکەیە، کەواتە مرۆڤ بریتیە لە کۆمەڵە شێوازێک، هەریەکەمان شێوازێکی تایبەتی قسەکردن و ڕۆیشتن و نووسین و هتدمان هەیە، وە ئەم شێوازە جیاوازانە بەشداری لەپێکهێنانی کەسایەتی مرۆڤدا دەکەن، " بەرهەمە هونەرییەکانی هونەرمەندێکی دیاریکراو هەڵگری کارەکتەرێکی تایبەتن کە جیاوازە لە هونەرمەندانی تر، تەنانەت ئەگەر بابەتەکەشیان هەمان بابەت بێت" (الحلو، 2007، ص62)، دەکرێت هونەرمەند لە ڕێگای کارە هونەریەکەیەوە بناسرێتەوە و شێوازەکەی نیشانەیەکی دیاری هونەرمەندەکەیە، وە کاتێک هونەرمەند کارێکی هونەری بەرهەم دەهێنێت ڕەنگدانەوەی کەلتووری و ژینگەیی وێنا دەکات کە هەلچوونەکان و فکرەکانی لەخۆ دەگرێت، داڕشتنی ئەم بۆچوون و ڕووداو و بابەتانە کە کاریگەرییان لەسەرە تەنها وێناکردن و نواندنی ئەو شێوازەیە کە کۆمەڵێک هونەرمەند لە سەردەمی خۆی یان لە قۆناغێکی هونەریدا جیا دەکاتەوە، وە هەندێك جار کات و شوێن شێواز دیاری دەکەن، کەواتە " لەهەرکوێ شێواز هەبێت لە گەلیشی شێوازگەرایی هەیە وە هەرچەندە مانای شێواز فراوانتر بێت ئەوا لە گەلیشی مانای شێوازگەرایی فراوانتر دەبێت" (النحوي. 1999، ص145)، زاراوەی شێوازگەرایی وەک وەرگێڕانی لە زاراوەی ستایلی (stylistique) ڕۆژئاوایی لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا دەرکەوت، بەڵام چەمکەکەی تا سەرەتای سەدەی بیستەم دیاری نەکرا، لە گەڵ دامەزرێنەرەکەی زمانناسی سویسری، چارلس بالی ( charles bally)، بە تایبەتی کاتێک لە ساڵی 1902 کتێبەکەی (توێژینەوە لە شێوازی فەڕەنسی) بڵاو کردەوە، پاشان کتێبێکی تری بە ناو ی" ئەلوەجیز لە شێوازگەراییدا" بەدوای خۆیدا هێنا ( بيير. 1994، ص54)، وە شێوازگەرایی لە مێژوودا بەڕوونی بەستراوەتەوە بە سەرهەڵدانی زانستی زمانی مۆدێرنەوە، بۆیە شێوازگەرایی لە کاتی لەدایکبوونی زمانەوانی هاوچەرخدا وەک بابەتێکی ئەکادیمی زانستی ناسرا، هەندێک لە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی بەردەوام بوون ( كامل. 1997، ص221). کە بڕیاردرا شێواز وەک میتۆدێك بخوێندرێت، یان لەخزمەتی شیکاری ئەدەبی و دەروونشیکاری یا کۆمەڵایەتیدا بەکاربێت (يوسف. 2009، ب.ص)، وە شێوازگەرایی لە هونەردا ئاماژەیە بۆ شێوازێکی هونەری تایبەت کە بە تایبەتمەندییە هونەرییە باوەکان و شێوازی دەربڕین جیا دەکرێتەوە و لەوانەیە پەیوەست بێت بە ماوەیەکی دیاریکراو، بزووتنەوەیەکی هونەری، یان ئاراستەیەکی هونەری دیاریکراو، وە شێوازگەرایی لە هونەردا بەزۆری بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی جیاواز وەک ڕەنگەکانی بەکارهێنراو، شێوە، گرنگیدان بە وردەکاری، هێڵ، جووڵە، ڕووناکی و توخمە هونەریەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە، بۆ نموونە لەقوتابخانەی (ئیمپرسیۆنیزم*) شێوازە جیاوازەکەی دەدۆزینەوە لە ڕووی وەشاندنی فڵچە و بەکارهێنانی ڕەنگی چڕو خێرا و دوور لەکۆنترۆلی دیاریکردنی شێوەکان و کێشی ڕەنگەکانیان، ئەم شێوازەی ئیمپرسیۆنیزم بەسەر هەموو تابلۆکاندا جێبەجێ ناکرێت سەرەڕای ئەوەی کە لە هەمان سەردەمدا بوونیان هەبووە بەڵام مەرج نیە کە هەموو هونەرمەندان لەو سەردەمی بە هەمان ستایل ئیشیان کردبێت، بۆ نمونە هونەرمەندی ئیمپریۆنیستی (ئێدگار دێگا*) ئەم شێوازەی پەیڕەو نەکردوە، وە

---

* جۆرج-لویس لوکلیر دی بوفۆن بە (فەرەنسی: Georges-Louis Leclerc) (لەدایکبووی ٧ی ئەیلوولی ١٧٠٧ لە کۆت-دۆر – وە لە ١٦ی نیسانی ١٧٨٨، لە پاریس کۆچی دوایی کرد) مێژوونووسێکی سروشتی، بیرکاری و گەردووناسی فەرەنسی بوو، بۆ زانیاری زیاتر: جورج دي بوفون - ويكيبيديا(wikipedia.org) .

* - ئیمپرسیۆنیزم یان ئیمپڕێشنیزم: بزووتنەوەیەکی هونەرییە لە فەرەنسا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەری هەڵدا. ئەم شێوازە هونەرییە لەسەر بنەمای زنجیرە کاری هونەرمەندانی فەرەنسی لە ساڵی ١٨٦٧ تا ١٨٨٦ دروست بوو، کە لێکچوونێکی زۆریان لەگەڵ یەکتردا هەبووە (امهز، 1996، ص81-83).

*- ئێدگار دێگاس: بە زمانی فرەنسی Edgar Degas لە 19ی تەمووزی ١٨٣٤ لە پاریس لەدایکبووە، بە یەکێک لە هونەرمەندەکانی ئیمپریۆنیزم دادەنرێت. سەرەڕای دێگاس هەمیشە ستایلێکی سەربەخۆی هەبوو. دیمەنە سروشتیەکان سەرنجی ئەویان ڕانەدەکێشا زۆربەی کات، وێنای خەڵکی دەکرد لە حالەتی جوڵەدا. بەهرەکانی لەوکاتە دەرچوو کە وێنەی سەماکەری بالێی دروست کردبوو.https://ar.wikipedia.org/wiki

ڕەنگەکانی بە نەرمی و بە ناسکی و شەفافییەکی کاریگەرەوە داناوە، تەنانەت لەنێو ئەو ئیمپرسیۆنیزمانەشدا هەبووە کە بە شێوازێکی نزیکتر لە ئەکادیمی کاریان کردووە وە گوزارشتی لە ئیمپرسیۆنیزم نەکردووە تەنها لە میانەی دیمەنی ڕاستەوخۆی بینراو یان لە میانەی ڕەنگی تێر یان بایەخدان بە ڕووناکی کەش و هەوا و ڕەهەندەکانی تر نەبێت، وەک لە شێوەی (4). لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەو شێوازە پەیوەندی بە تەکنیک و نواندنی هونەرییەوە هەیە.



شێوە (4) سەماکەری بالێ لەبەردەم پەنجەرەیەک

2. 2. 4. گۆڕانکارییە شێوازییەکان لە هەندێك لە قوتابخانەکانی هونەری مۆدێرن:

2. 2. 4. 1. گۆڕانکارییە شێوازییەکان لە قوتابخانەی ڕیالیزم 1850-1900 (Realism):

کاتێک باس لە هونەری شێوەکاری دەکەین، دەتوانین لە شێوازی ریالیزمیەوە دەست پێ بکەین، کە لەناو قوتابخانەی ڕیالیزمیدا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە بیری ڕۆمانسی دەرکەوت، بەو پێیەی ڕۆمانسیزم لەسەر بنەمای سایکۆلۆژی هونەرمەند و خود- دەربڕینی بوو، بە پێچەوانەی ڕیالیزمەوە، کە تێیدا شێوازی هونەرمەند دەگۆڕێت بۆ دەربڕینی واقیعی کۆمەڵگای دوور لە خود (امهز، 1996، ص51)، لەسەر بنەمای گرنگیدانێکی تەواو بە فۆرمولەی بابەتی و واقیعی ئەو ژینگەیەی کە کارە هونەرییەکە لێیەوە بەرهەم دێت، کە هەڵگری دیدێکی تا ڕادەیەک جیاواز و نوێیە لە ڕوانگەی دیدەکانی تر وەک سیاسی، کۆمەڵایەتی، و ئەخلاقی بەپێی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە، وە کاتێک دەڵێین ڕیالیزم لە هونەردا، واتە دژ بە خەیاڵ و هونەرمەند ئەوەندەی پشت بە گەیاندنی وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگا دەبەستێت، پشت بە خەیاڵی خۆی نابەستێت، کەواتە ڕەنگەکان ماندار نابن تا هێماکان نەگۆڕدرێن بۆ واقیع و گەیاندنی ڕاستی بە شێوەیەکی هونەری (القش، 1968، ص77)، وە لە دیدی (گوستاڤ کۆربێ)دا ریالیزم تەنها وێناکردنی دیمەنە سروشتیەکان و دیمەنەکانی ژیانی ڕۆژانە نییە، بەڵکو زیاتر لە پرسەکانی ژیان تێدەپەڕێنێت کە دەرئەنجامی قەیران و دژایەتی کۆمەڵایەتین (امهز، 1996، ص55)، دەرکەوتنی ئەم قوتابخانەیە، هونەرمەندی هاندا کە قۆناغەکانی لاساییکردنەوەی دەرکەوتە هونەرییەکان بەجێبهێڵێت و هانیدا کە ڕاستەوخۆ سەیری شێوازی ژیانی ڕاستەقینە بکات بۆ ئەوەی لایەنە جیاوازەکانی واقیع بەبێ پێشوەختە تۆمار بکات (امهز، محمود، 1996، ص58)، جگە لەوەش گۆڕانکارییە سیاسییەکان هۆکاری گۆڕانی بیرکردنەوە بوون بە ئاراستەیەک کە پێچەوانەی ئەوەی پێشتر بووە، پاشان بە سەرکردایەتی هونەرمەند گوستاڤ کۆربێت لە سەرانسەری ئەوروپادا بڵاوبووەوە، لەم قۆناغەدا ((هونەر هەنگاوێک لە سروشت و حەقیقەت نزیکتر بووەوە لە بزووتنەوەی هونەری ڕیالیزمدا کە ئاڵاکەی لەلایەن گۆستاڤ کوربێتەوە هەڵگیراوە، کە هەمیشە ئیدیعای ئەو ڕیالیزمەی دەکرد، (حسن، ب.ت، ص16). ئەم دیدە نوێنەرایەتی گۆڕانکاری لە دیدگا و فۆرم و میتۆدەکاندا دەکات بۆ دەربڕینی ڕۆحی سەردەمەکە، پاشان بووە هۆی دووبارە داڕشتنەوەی ڕووکاری وێنەیی بەپێی نەخشێکی جوانکاری ( نیومایز، 1972،ص45)، جگە لە هونەرمەند گوستاڤ کۆربێ، هونەرمەندانێکی وەک (دومیێت، کۆنستابڵ) بابەتەکانیان سەرنجیان لەسەر وێناکردنی واقیعی ژیانی چینی هەژار وکرێکاران و کۆڵبەران و جوتیارانی گوندنشین بوو، وەک لە تابلۆکانی هونەرمەند کوربێ دیارە، وەک لە شێوەی ژمارە( 5 و 6). کەواتە لێرەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە هەندێک گۆڕانکاری لە تەوەر و دیدگاکاندا دەبینرێت کە هونەرمەندەکانی ڕیالیست لە کارەکانیاندا مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، کە زیاتر سەرنجیان خستە سەر وێناکردنی واقیعە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژینگەییەکان بە شێوەیەکی قووڵتر.



(شێوەی ٥)



(شێوەی ٦)

بەردشکێنەکان ١٨٤٩ و گەنم هەڵگرەکان ١٨٥٤ تابلۆی هونەرمەند گوستاڤ کۆربێ

2. 2. 4. 2. گۆڕانکارییە شێوازییەکان لە قوتابخانەی هێماگەرایی ١٨٨٥-١٩١٠ (Symbolism):

هێماگەرایی بزووتنەوەیەکی هونەری ئەدەبییە کە لە ئەدەبیاتی فەرەنسی لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا سەریهەڵداوە، گرنگی بە لاساییکردنی واقیع نادەن، بەڵکو گرنگی دەدەن بە هاوئاهەنگی هەست و سۆز و بیرۆکە و وێنە و فۆرمەکان بەپێی یاساکانی خۆیان لە کاری هونەریدا (Larousse, 1982, P.693)، قوتابخانەی سومبولیزم یەکێکە لە ڕەوتە هونەرییە هاوچەرخانەی کە دوای ڕیالیزم و ئیمپرسیونیزم دێت، بەڵام دژی ماددییەتی شتەکان و فۆرمەکان بوون، " بەم پێیە سیمبولیستەکان داوای ئایدیالیزمی سۆفیگەری و ئازادی تاکەکەسی هونەرمەند و بیرۆکەی بەهای عەقڵی هونەریان دەکرد، بۆ ئەوان واقیع ڕەنگدانەوەی جیهانێکی تری ئایدیاڵە و هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ هێنانی جگە لە ڕێگەی هێماسازییەوە" (فرمان، 1988، ص22)، وە هونەرمەند (دانتی گابرێل ڕۆسێتی* ١٨٢٨-١٨٨٢)، کە تیایدا خەریکی تاقیکردنەوەی ڕەنگەکان بوو بۆ ئەوەی ڕاشکاوانە و بە ڕوونی ئاماژە بە مانایەکی دیاریکراو بکات، و لە ساڵی ١٨٦٠دا بەناوبانگترین تابلۆی خۆی لە ساڵیادی کۆچی دوایی هاوسەرەکەیدا کێشا، بە ناوی (بێتا بیاتریس)، وەک لە شێوەی ژمارە (7)، وە جەستەی ئەو لەکاتێکدا لەسەر باڵکۆنەکە دانیشتبوو بەبێ ئەوەی هیچ جوڵەیەک بکات، وەک ئەوەی لە کۆمادا بێت، هێمای بەرزبوونەوەی بۆ بەهەشت ( درويش، 2013، ص667).



شێوە (7) بیتابیاتریس تابلۆی هونەرمەند دانتی گابرێل ڕۆسێتی

کەواتە لێرەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە گۆڕانکارییە شێوازییەکان بۆ سیمبۆلیزم بە گۆڕینی شێوازە لە ئایدیایەکی فیکرییەوە بۆ بەرجەستەکردنێکی بینراو لە ڕێگەی فۆرمە ئاوێتەکان.

2. 2. 4. 3. گۆڕانکارییە شێوازییەکان لە قوتابخانەی دەربڕینخوازی ١٩١٠-١٩٣٣ ( Expressionism):

قوتابخانەی دەربڕینخوازی لە ئەڵمانیا وەک بزووتنەوەیەکی هونەری بە مانایەکی دیاریکراو و دیدگایەک کە ڕەنگدانەوەی چەمکێکە بۆ زیاتر هۆشیارییەکی تایبەت بۆ جیهان دەرکەوت، چوارچێوە گشتییەکانی تا سەرەتای سەدەی بیستەم ڕوون نەکرابۆوە و پێناسە نەکرابوو (أمهز، 1981، ص79) وە دەربڕینخوازی وەک ڕەوتێک و بزوتنەوەیەکی هونەری... پێچەوانەی ئاراستەی ئیمپرسیۆنیزم و کیوبیزم سەریهەڵدا، گۆڕانکاری لە شێوازی ڕوویدا چونکە ئەم بزوتنەوەیە بە شێوەیەکی ئیستفزازی و بەها

*- Dante Gabriel Rossetti دانتێ گابرێل ڕۆسێتی لە ١٢ی ئایاری ١٨٢٨ لە لەندەن لەدایک بووە، لە ٩ی نیسانی ١٨٨٢ کۆچی دوایی کردووە، لە ئەکادیمیای شاهانەی هونەر خوێندوویەتی، شاعیر و وەرگێڕ و وێنەکێش و نیگارکێش بووە و خەڵکی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا و ئێرلەندا بووە، بۆ زیاتر زانیاری https://arz.wikipedia.org/wiki

ڕۆحییەکان و ئەزموونە سۆزدارییەکان گوزارشت لە دەربڕینی خود دەکات، بە پێچەوانەی ئیمپرسێۆنیزم، بەو پێیەی پابەند نیيە بە تۆمارکردنی سات بەلکو فۆرمی دەربڕین ناوەڕۆکی فیکری لەخۆدەگرێت، هەروەک چۆن ڕەنگ و شێوەکان لە دەستکەوتی هونەریدا بە هەستێکی زاڵەوە دەجووڵێن، بۆیە دەربڕینخوازەکان هەستان بە پارچەپارچەکردنی توخمە بینراوەکانی ڕاستەقینە بۆ زیادکردنی هێزی دەربڕینی هەستەکان (مولز، وایغلر، 1988، ص77)، دەربڕینخوازی ڕەوتێکی هاوچەرخە لە هونەر و ئەدەبدا، کە تێیدا هونەرمەند یان نووسەر هەڵدەستێت بە دەربڕینی خەیاڵ وهەست و هەڵچوونەکان یان ڕووداوو و هەڵوێستەکان بە شێوەی وێنەی دەرەکی (مدکور، ب،ت، ص48)، چونکە مرۆڤ خودی خۆی بە شێوەیەکی ئیستیفزازی و بەها ڕۆحییەکان و ئەزموونە سۆزدارییەکان دەردەبڕێت، وە فۆڕمی دەربڕین ناوەڕۆکی فیکری لەخۆدەگرێت و ڕەنگ و شێوەکان لە دەستکەوتی هونەریدا بە هەستێکی سەرسەختەوە دەجووڵێنن، بۆیە ئەو دەربڕینخوازانە هەڵدەستن "بە پارچە پارچەکردنی توخمە ڕاستەقینە و بینراوەکان بۆ ئەوەی هێزی دەربڕینی هەست وهەڵچوونەکانیان زیاد بکات (مولر، ایغلر، 1988، ص77)، وەک (ئێدوارد مونش) ڕوونی کردۆتەوە کە هیچ گرنگییەک بۆ ئەو ڕەنگە ئەرێنییانە نییە کە شتەکان دیاری دەکەن، بەڵکو زیاتر ئاماژەدانە بۆ هەستکردن بە نائومێدی، وە بەم شێوەیە دژی کوبیزم دەوەستێتەوە لە کۆنترۆڵی لۆژیکییەکەی بۆ شیکردنەوە و پێکهاتەی فۆرمەکان، چونکە "شتەکان وەک ئەوەی بۆ چاو یان بۆ بیرۆکە یان بۆ خەیاڵ دەردەکەون پێشکەش ناکات، بەڵکو لە ڕوانگەی سایکۆلۆژیەوە واقیعی ڕۆح نیشان دەدات (جرداغ، 1970، ص79)هەروەك لە شێوەی (8).

کەواتە گۆڕانکاری شێوازی لە دەربڕینخوازی پشتی بە شێواندنی فۆرمەکان و تێکدان و توندوتیژ بەکارهێنانی ڕەنگ و بوێری فڵچە و هێڵەکان بەستبوو بۆ گەیشتن بە ئامانجی دەربڕین و گوزارشت کردنی.



شێوەی ( 8) هاوار تابلۆی هونەرمەند ئێدوارد مۆنش

لە ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفیدا، دەربڕینخوازی (ئێکسپرسیۆنیزم) بە ئەولەویەتی خودی بەسەر کۆمەڵایەتی، و ناژیری (ناعەقلانی) بە سەر لۆژیکدا جیادەکرێتەوە، لە فەرهەنگەکەی (وەهبە) دا بەم شێوەیە پێناسە کراوە: " دەربڕینخوازی مەیلێکی هونەری و ئەدەبییە کە ئامانجی نوێنەرایەتیکردنی شتەکانە، وەک ئەوەی لە هەڵچوونەکانی هونەرمەنددا وێنا دەکرێت، وە نوێبوونەوەی هونەری هێڵ یەکێک بوو لە تایبەتمەندییە دیارەکانی گرووپی (الجسر) و لە میانەی ئەوەوە گەڕانەوە بۆ هونەری سەرەتاییەکان و سەدەکانی ناوەڕاست (کامل، 1979، ص62-63).

کەواتە دەتوانین بڵێین هونەرمەندی دەربڕینخواز واقیعی پشتگوێ خستووە لە بەرژەوەندی دەربڕینی دەروونی ناوەوەی خود، وە کاتێک هونەرمەندی دەربڕینخواز کارێکی هونەری ئەنجام دەدات، ئامانجی دروستکردنی بابەتێکی ستاتیکی نییە، بەڵکو گەیاندنی هەست و سۆزی ناوەوەی خودی خۆیەتی لە ڕێگەی ئەو کارەی کە ئەنجامی داوە.

**2. 3. توێژینەوەکانی پێشوو:** دوای چەندین هەوڵ دەرکەوت کە هیچ توێژینەوەیەکی هاوشێوە لەسەر گۆڕانکارییە شێوازییەکان لە تابلۆکانی هونەرمەند محەمەد عارفدا نییە بەپێی زانیاری توێژەران، بەڵام توێژەران ئەم توێژینەوانەی خوارەوەیان دۆزیەوە کە لێکۆلینەوەیان تەنها لە سەر بابەتی گۆڕانکارییە شێوازییەکان ئەنجام داوە:

**2. 3. 1. یەکەم:** توێژینەوەی هەمزە عەلاوی مسربی ئەلعلوانی بە ناونیشانی ( گۆڕانکارییە شێوازییەکان لە وێنەکێشانی بیکاسۆ لە نێوان خۆدی و بابەتیدا) ماستەر نامەیە لە پەروەردەی هونەر ی کۆلێژی هونەرە جوانەکان – زانکۆی بابل، ئامانجی توێژەر لە توێژینەوەکەیدا دۆزینەوەی گۆرانکارییە شێوازییەکان لە وێنەکێشانی بیکاسۆدا لە نێوان خودی و بابەتی بوو، وە توێژەر گەیشتۆتە ئەم ئەنجامانە: - 1- گۆڕانکارییە شێوازییەکان لە شێوەی وێنەکێشەکانی پیکاسۆدا زیاتر لە رووی ڕەنگە، چونکە هونەرمەند فۆرماڵییە و ئەمەش لە ڕێگەی گۆڕانی هێڵە جیاوازەکانەوە لە ڕووی بەردەوامی و بڕین و ئاراستەی جیاوازەوە دەبینرێت. - 2-

ئەبستراك ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە گۆڕانکارییە شێوازییکانی وێنەکێشانی پیکاسۆدا، چونکە هونەرمەندێکی ئەزمونی بووە و هەمیشە بەدوای شتێکی نوێدا دەگەڕا.

**2. 3. 2. دووەم:** توێژینەوەی ڕەنا حازم سەعید بە ناونیشانی (گۆرانكارییە شێوازییەكان لە كارەكانی نیگاركێش لوتێر ئیشۆ) ماستەر نامەیە لە بواری هونەری شێوەكاری لقی وێنەكێشان- كۆلێژی هونەرە جوانەكانی هەولێر – زانكۆی سەلاحەدین، ئامانجی توێژینەوەكەی: دۆزینەوەی گۆرانكارییە شێوازییەكان لە كارەكانی نیگاركێش لوتێر ئیشۆدا، وە توێژەر گەیشتۆتە ئەم ئەنجامانە لە توێژینەوەكەیدا: -

1- هونەرمەند لوتێر ئیشۆ بەرهەمە هونەرییەكانی ئەنجامداوە لەڕێگەی كۆمەڵێک گۆڕینی فۆرمی و ڕەنگ و شێواز بەپێی قوتابخانە و ڕەوتە جیاوازەكانی ئەوروپی، بە سەلیقەیەکی ڕۆحی و جوانكارییەوە بۆ بەرجەستەكردن و دەربڕینی بیرۆكەكانی.

2- هونەرمەند لوتێر ئیشۆ، مامەڵەی لەگەڵ ئەو ناوەڕۆكە ئایینی و سیاسی و كۆمەڵایەتیانەدا كردووە كە لە كاریگەرییەكانی ژینگەی دەوروبەری سەرچاوەی گرتووە، هەروەها بەكارهێنانی ئەو توخمە سروشتیانەی كە لە ژینگەی جوگرافیای هونەرمەندەوە ئیلهامیان پێداوە.

**2. 4. ئاماژەكانی چوارچێوەی تیۆری:**

**1.** لە نەگۆڕ تایبەتمەندیە سەرەتاییەكان بەبێ هیچ گۆڕانكارییەک دەمێنێتەوە، بەڵام لە گۆڕاودا تایبەتمەندییە سەرەتاییەكان لە دەست دەچن بەهۆی ئەو گۆڕانكاریانەی كە بە سەریدا دێت.

2. فاكتەرە ژینگەییەكان لەسەر ئاستی جیهانی بە كاریگەرییەكی گرنگ دادەنرێت لە دەوڵەمەندكردنی گۆڕانكارییە شێوازییەكان.

3. گۆڕانكارییە شێوازییەكان لە بەرهەمە هونەرییەكاندا بەهۆی گۆڕانكاری لە (سیستەمی پێكهاتن)دا دروست دەبن.

4. گۆڕانكارییە شێوازییەكان لە ڕیالیزمدا دووركەوتنەوەیە لە خەیاڵ .

## 3. بەشی سێیەم: ڕێكارەكانی توێژینەوە:

**3. 1. كۆمەڵگەی توێژینەوە:** توێژەران كۆمەڵگەی توێژینەوەیان بە شێوەی مەبەستدار دیاری كردووە لە ڕێگەی سنووری ئەو تابلۆ هونەریانەی كە لە لایەن هونەرمەند (محەمەد عارف*) بە ئەنجام گەیشتوون، وە ژمارەیان گەیشتە (18) تابلۆ، ئەمەش لەڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی و پاشان سەردانیكردنی مەیدانی توێژەران بۆ مالی هونەرمەند لە شاری هەولێر و چاوپێكەوتنی كەسی لەگەڵ خێزان و كوری هونەرمەنددا،سەیری هاوپێچی ژمارە (1) بكە.

**3. 2. نمونەی توێژینەوە:** توێژەران نمونەی تابلۆ هونەریەكانی هونەرمەند محەمەد عارفیان خستۆتە بەردیدی شارەزایان بۆ بڕیاردان لە سەر هەڵبژاردنی چەند تابلۆیەك، بۆ ئەم مەبەستەش لەناو كۆمەڵێك لە تابلۆكانی هونەرمەند لە كۆمەڵگای توێژینەوەكە (3) تابلۆ لە لایەن شارەزایانی بواری هونەری لە سەر ئەنجامی ڕێژەی سەدی هەڵبژێردران وەك نمونەی توێژینەوە، سەیری خشتەی ژمارەی (1) و(2) بكە.

خشتەی (1) هەڵبژارنی تابلۆكان بەپێی وەڵامی ئەندامانی لیژنەی شارەزایانی بواری هونەری

| پ.د. مەكی عومران راجی | پ.د. تەحریر عەلی حسین | پ.ی.د. فەلاح حەسەن شەكرچی |
|---|---|---|
| A2 | A5 | A3 |
| A5 | A9 | A6 |
| A7 | A10 | A10 |
| A8 | A13 | A14 |
| A14 | A14 | A15 |

خشتەی (2) ڕێژەی ڕەزامەندی شارەزایانی بواری هونەری لە هەڵبژاردنی تابلۆكاندا

* – هونەرمەند محەمەد عارف یەكێكە لە هونەرمەندانی كوردی هاوچەرخ لە هەرێمی كوردستانی عێراق، لەساڵی 1937 لەشاری ڕەواندوز سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایک بووە، لە ساڵی 1959 بەشی هونەری شێوەكاری پەیمانگای هونەرە جوانەكانی بەغدا تەواو دەكات، هەروەها ساڵی 1967 بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە هەمان بەش لە مۆسكۆ بەدەست دێنی، دەبێتە ئەندامی سەندیكای هونەرمەندانی عێراق و ئەندامی گروپی بەغدا بۆ هونەری هاوچەرخ، لە پاشان دەبێتە ئەندامی كۆمەڵەی هونەرمەندانی نێودەولەتی(یونسكۆ-بارب) ساڵی 1969 لە پاریس، هەروەها وەكو پسپۆڕی بواری هونەری لە زۆرێك پارێزگاكانی ناخۆیی عیراق و وڵاتی عەرەبستان دەرس دەڵێتەوە، لە پاش وەرگرتنی نازناوی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە كۆلێژی ئەندازیاری و بەشی تەلارسازی زانكۆی سەلاحەدین كاری دەكات، وە لە ساڵی 2004 بڕوانامەی دكتۆرای لە فەلسەفەی هونەر لە زانكۆی سەلاحەدین لە هەولێر بەدەستهێنا لە پاشان كۆلێژی هونەرە جوانەكان لە شاری هەولێر دادەمەزرێنی، وەكو ڕاگری ئەم كۆلێژە دەست بە كار دەبێت، وە لە ساڵی 2009 لە هەولێر كۆچی دوایی كرد.

| کۆد | ژمارەی شارەزایانی رازی بوو | رێژەی سەدی | ئەنجام |
|---|---|---|---|
| A2 | 1 | 33% | - |
| A3 | 1 | 33% | - |
| A5 | 2 | 66% | قبول کرا |
| A6 | 1 | 33% | - |
| A7 | 1 | 33% | - |
| A8 | 1 | 33% | - |
| A9 | 1 | 33% | - |
| A10 | 2 | 66% | قبول کرا |
| A12 | 1 | 33% | - |
| A13 | 1 | 33% | - |
| A14 | 3 | 100% | قبول کرا |
| A15 | 1 | 33% | - |

**3. 3. رێبازی توێژینەوە:** توێژەران لە شێوازی خستنەڕووی نمونەی توێژینەوە، رێبازی شیکاری وەسفیی وەک میتۆدێک بۆ شیکردنەوەی نموونەی توێژینەوەکە گرتۆتە بەر.

| نمونەی ژمارە (1) | |
|---|---|
| **ناوی هونەرمەند:** محەمەد عارف<br>**ناوی تابلۆ:** کۆچڕەو<br>**قەبارە:** 45×45 سم<br>**مەتریاڵی بەکارهاتوو:** ڕەنگی رۆنی لەسەر قوماشی کانڤاس<br>**ساڵی دروستکردنی تابلۆ:** 1995<br>**خاوەنداریەتی:** گەلەری هونەرمەند |  |

**وەسفی تابلۆ:** ئەم کارە هونەریە لە شێوەی چوارگۆشەدایە، کە پێکهاتووە لە سێ چین، چینی سەرەوە و چینی ناوەراست و چینی خوارەوە، چینی سەرەوە پێکهاتووە لە ئاسمانێکی فراوان، وە لە ناوەراستی ئاسمانەکەدا تیشکی خۆر بە بچوکی لە دوورەوە دیارە، وە لە چینی ناوەراستدا واتا لە ئاسۆدا زنجیرەیەک چیا دەبینین، وە لە چینی خوارەوەی تابلۆکەدا واتە لەسەر زەویە ئاماژەپێکراوەکەدا خەڵکانێکی زۆر کە کەلوپەلەکانیان لەسەر شان و سەریان داناوە و بە کۆمەڵ یەك لە دوایەك وەك بلێین رێزیان گرتووە بەڕێکەوتوون، شێوەیەکی ئەندازەییان پێکهێناوە وهەنگاو بەرەو چیاکان دەنێن.

**سەرچاوە کەلتوریەکان:** هونەرمەند محەمەد عارف هەوڵیداوە لەم تابلۆیەدا کار لە پێناو نیشاندانی ئازارەکانی خەڵکی ولاتەکەی بکات، وە ئەم تابلۆیەش یەکێکە لەو تابلۆیانەی کە گوزارشت لە ئازارەکانی نەتەوەکەی دەکات، کە یە کێکە لەو ئازارانەی میللەتی کورد کە وەك رۆژێکی رەش لە بیرەوەریەکانی ماوەتەوە، ئەمیش لە دوای راپەرینە مەزنەکەی بەهاری 1991 بوو کە بەرەو چارەنووسێکی نادیار بەبێ بیرکردنەوە لە گەڕانەوە لە هێڵێکی ڕاست و بە ڕەنگێکی ڕەشی تاریک بە رێ کەوتن، ئەو پەڵە روناکییەی بۆ ئەوە بە جێهێشتووە کە بڵێ هەمیشە هیوایەك هەر دەبێت لە داهاتوودا، وە گەشبینی بۆ گەڕانەوە نیشان بدات.

**سیستەمی پێکهاتە:** هونەرمەند وەک تاکێك لەم کۆمەڵگایەدا ژیاوە و لەگەڵ ئازارەکانی گەلەکەیدا ناڵاندویەتی، دەبینین کە ڕەنگی تاریکی بۆ خەلکەکە بەکارهێناوە سەرەڕای ئەو تیشکە خۆرەی کە هەیە، بێگومان بەو شێوازە کاری کردووە کە بتوانی گوزارشت لەو رۆژە ناخۆشە بکات، بە یەک کەس دەست پێ دەکات و دواتر هەنگاو بە هەنگاو خەڵکەکەی بەرەو چەپ و ڕاست بەرەو ئاسۆ بڵاوکردۆتەوە، هەروەها پەڵەی سوور لە سەر زەوی لەژێر پێی کۆچبەران بەکارهاتووە کە گوزارشتێکە بۆ ژمارەیەکی زۆری قوربانی دان، هەروەها خودی بابەتەکە گوزارشتێکە بۆ دەربازبوون لە زوڵم و ستەم و بەجێهێشتنی ماڵ و پارە و پایە و هەندێکیشیان بەجێهێشتنی منداڵ و دایک و باوک و ئازیزانیان. لێرەدا هونەرمەند ڕەنگەکانی بەگراوندی بە پلەبەندی ڕەنگی بەکارهێناوە، وە ڕەنگی ئاسمان و ڕەنگی چیاکانی بە شێوەی هارمۆنی داناوە، کە ئاسمانەکەی بە ڕەنگێکی کاڵ وروون دەرخستووە،

و ڕەنگی تۆخیشی لە خوارەوە بەکارهێناوە تا بتوانی گوزارشت لە ناخۆشی و مەینەتی و دەردەسەری میللەتی کورد بکات، ئەمە ئەوە دەردەخات کە سەرەڕای ئازار و مەینەتی، چارەنووسی نادیار ئومێدی گەڕانەوە و سەرکەوتن هەر هەیە.

**شێوازو کەرەستە:** ئەم تابلۆیە بە ڕەنگی ڕۆنی لەسەر قوماشی کانڤاس دروستکراوە، هونەرمەند گوزارشتی لە هەلچوونی ترس و هەڵاتن لە زولم و زۆرداری و خەیال و بیرکردنەوەکانی کردووە هەروەها ئامانجی هونەرمەند گەیاندنی ئەو هەستەیە کە لە ناخیدایە بەرامبەر بە ڕووداوەکان، وە مەبەستی هونەرمەند لەم تابلۆیەدا جوانکاری نیە بەڵکو دەربرینی هەستی بێ هیوایی و ڕۆیشتن بەرەو نادیاریە، کە هەموو ئەمانەش لە قوتابخانەی (ئێکسپرسیۆنیزم)دا خۆی دەبینێتەوە شێوازی نمایشکردنی ئەم تابلۆیە میتۆدێکی گوزارشتکراوی (ئێکسپرسیۆنیزم) وەرگرتووە.

**نمونەی ژمارە (2)**

**ناوی هونەرمەند:** محەمەد عارف

**ناوی تابلۆ:** ژوانی سوارچاکێك

**قەبارە:** 90×35 ســـــــم

**مەتریاڵی بەکارهاتوو:** ڕەنگی ڕۆنی لەسەر قماشی کانڤاس

**ساڵی**

**دروستکردی تابلۆ:** 2005

**خاوەنداریەتی:** گەلەری هونەرمەند




**وەسفی تابلۆ:** ئەم کارە هونەریە شێوەیەکی لاکێشەیی وەرگرتووە کە لە دوو شێوە پێکهاتووە: شێوەی یەکەم: ئافرەتێک لەسەر لێواری ئاوێك وەستاوە، شاخێکی بەرزی تۆخ لە پشتەوەی دیارە، وە شێوەی دووەمیان: سوارچاکێک لەسەری شاخەکەوە بە دی دەکرێت کە لەگەڵ هەورەوە تێکهڵکشاوە، لە میانەی وەسفی ئەم کارە هونەریەدا کاریگەری واقیعی و بابەتی لە ئەنجامی ستاتیکای هونەرمەند محەمەد عارف دەردەخات، وە لە هەمان کاتیشدا ناواقعی نیشان دەدات لەرووی ئەم دیمەنەدا کە ئەویش بەکارهێنانی هێمای مەبەستدارە. واتە، هێماکە دەجولێت لە نێوان دیمەنێکی ڕاستەقینە و نا ڕاستەقینەی گوزارشت پێکراو.

ئەم دیمەنە بریتییە لە ئافرەتێکی وەستا و خەمبار بەرامبەر خۆشەویستە سوارچاکەکەی کە بەرەو لوتکەی چیایەکی بەرز کەوتۆتە ڕێ و ماڵئاوایی دەکات. واتە ڕواڵەتی دەرکەوتنی دیمەنەکە بریتییە لە گوزارشتکەر (الدال)، بەلام ناوەرۆکەکەی بریتییە لە گوزارشت پێکراوەکە (المدلول). بۆیە دەبینین کارەکە بریتییە لە دیمەنێکی ڕەمزی کە لە ناو دوو تەوەردا خۆی دەبینێتەوە: تەوەری یەکەم: ڕیالیزمیە: وردەکارییەکانی ژنی کورد بە جلو بەرگی نەریتی و هەستێکی خەمناکەوە کە لەسەر لێواری ڕووبارێك وەستاوە، وە ڕەنگدانەوەی وێنەکەی لە ئاودا گوزارشت لە هێمای ژیان دەکات، کە هونەرمەند کەوتۆتە ژێر کاریگەری بیری هونەری میسۆپۆتامیا بەو پێیەی کە ئاو لای ئەوان هێمای ژیانە، وە لە دووەم تەوەریشدا: دیمەنی سوارچاکێکیی کوردە لەگەڵ ئەسپەکەی بۆ سەرەوەی چیا نادیارەکە دەڕوات و دەستی هەڵبریوە و ماڵئاوایی لە خۆشەویستەکەی دەکات.

**سەرچاوە کلتوورییەکان:** ئەم کارە هونەریە لە کۆمەڵە هێما پێکهاتووە هەر لە بیرۆکەی ئافرەت کە هێمای دایك و خوشك و خێزان و کچ دەگەێنێت، هەروەها بەکارهێنانی شێوەی پیاو کە ڕۆڵی سوارچاک دەبینێت کە لە فۆلکلۆری کوردیدا چەمکی سوارچاکی مانای ئازایەتی و قارەمانیەتی و تێکۆشانە لە پێناو بە دەستهێنانی ئازادی، وە سەرکەوتنی بۆ لوتکە و بەرزاییەکانی شاخ بە واتای چوونە پاڵ برا (شۆڕشگێڕ)ەکانی دێت، ئەوان زۆرجار کێوەکان بە پەناگەی پارێزراوی خۆیان دەزانن و هەروەها هەورەکان بە داهاتوویەکی پرشنگداری سپی دەزانن، هەر کە لە ناونیشانی تابلۆکە هاتووە (ژوانی سوارچاکێك)، لێرەدا هونەرمەند بەتەنها ئاماژەی بە ژوان لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا نەکردووە، ئەگەر ژوانەکە لەگەڵ ئافرەتە خۆشەویستیەکەی بووایە، ئەی بۆچی ئافرەتەکە غەمگین دەبوو؟ ئەی بۆ سوارچاکەکە بەرەو چیاکە دەرۆیشت و ماڵئاوایی لێ دەکرد؟ لێرەدا بایەخی بابەتەکە گرنگی مانای سیمبۆلەکە ئاشکرا دەکات.

**سیستەمی پێکهاتە:** لە جولەی هێماکانی ئەم تابلۆیەدا ئاماژەیەکی ڕوون هەیە بۆ بیرۆکەی کۆمەڵایەتیی کورد کە مەزنەدەی هۆشیار بوونەوەی دەروونی هونەرمەند دەگەێنێت، کە پێکەوە ئەم سیمبۆلانەی لەگەڵ یەك بەستۆتەوە، وە لە ڕووی گوزارشت پێکردنیشەوە هێماکان لە نێوان ژن و خاك و فۆلکلۆر لە لایەك و پیاو و قارەمانێتی و خۆشەویستی وخەباتگێڕی لە لایەکی ترەوە ئاماژەی پێکردووە کە ئەمانەی لە ڕێکخراوێکی دراماتیکیدا گوزارشت لە بەهاکانی ژیانی کوردی کوردووە.

**شێوازو کەرەستەکان:** هونەرمەنـد توانیـویەتی ئەو دوو فـۆرمە بەرجەسـتە بکـات بە ڕەنگـی لێکچـوو و ڕەنگـی دژەیـەك واتـا پێچەوانە، لەو شوێنەی کە ڕەنگی سووری بەکارهێناوە لە جلوبەرگی ئافرەتەکەدا کە ڕەنگێکی سـەرەکی و گەرمە، هـەروەها شـەپۆلی فۆتـۆنی خێـرای تێگەیشـتنی هەیە، بەڵام بـە بەکارهێنـانی سـەوز و دەسـتاوێزەکانی سـەوزی سـارد کـە لە پشـتەوە لە شـاخەکەدا بەرجەسـتەکردووە بـۆ تیشـک خسـتنە سـەر شـێوەی ئافرەتەکەیـە، هەروەهـا لە پاشخانی سـوارچاکەکەدا سێگۆشـەیەکی تیشـکاوی بەڕەنگی سپی درەوشاوەی سارد دەربڕیوە جیا لە ڕەنگی سـوارچاکەکە، ئەمـەش بـۆ باشـتر بـە دیارکـەوتنی شـێوەی سـوارچاکەکەیە، بەکارهێنانی ئەم ڕەنگانـە بـەو شـێوازە بێگومـان لێهـاتوویی هونەرمەنـد پێشـاندەدات کـەوا بـەر لـە دانـانی هـەر ڕەنگێـك چەنـدین لێکۆڵینەوەی ڕەنگی بۆ بابەتەکەی کردووە تاوەکو بتوانی پـەیامی بابەتەکـە بـە جـوانی بگـەیەنێت، لەم کـارەدا هونەرمەنـد لـە ڕێگـای هێماوە گوزارشت لە چەند بیرۆکەیەك دەکات کە لە واقیعی کۆمەڵگای کوردی و سروشـتی کوردسـتان و کەلتـووری میللـی و ڕۆحـی نەتەوەیی و ئەفسانە و شێعرە کۆنەکانەوە وەرگرتووە، وە بەدوای دەربڕینی چەندین بیرۆکەدا دەگەڕێت کە قەبـارە و سـەرچاوەیەکی ڕەمزی بۆ هونەرمەند پێکدێنێت تاوەکو بتوانی ئەوەی دەیهەوێت جوان بەرهەمی بهێنێـت، ئەم کـارە هـونەرییە بە شـێوازی ڕەمـزی دروستکراوە، شێوەکانی لە سروشتەوە وەرگرتـووە و نـاوەڕۆکی بابەتەکـەی بـە ئاراسـتەی ڕمـزی ئەنجامـداوە، هونەرمەنـد بە گشـتی ئاراستەیەکی ڕاستەوخۆ و قووڵی مرۆییانەی بەکارهێناوە.

| | |
|---|---|
| **نمونەی ژمارە (3)**<br>**ناوی هونەرمەند:** محەمەد عارف<br>**ناوی تابلۆ:** بەرەو شاخ<br>**قەبارە:** 40 x 70 سم<br>**مەتریاڵی بەکارهاتوو:** ڕەنگی ڕۆنی لەسەر قماشی کانڤاس<br>**ساڵی دروستکردی تابلۆ:** 2006<br>**خاوەنداریەتی:** گەلەری هونەرمەند |  |

**وەسفی تابلۆ:** ئەم تابلۆیە شێوەیەکی لاکێشەیی وەرگرتووە، پێکهاتووە لە دیمەنێکـی واقعـی لـە یەکێـک لە کۆلانـە میللیـەکانی شاری هەولێر، لە لای ڕاستەوە دیواری خانوویەک دیارە کە بە خشت دروست کراوە و سێ ووشە بە زمـانی کـوردی لەسـەری بـەدی دەکرێ، وشەی سەرەوە نووسراوە (هەولێر) و لە ناوەڕاستی دیوارەکە نوسراوە (بژی کوردستان) کە هەرسێ ووشەکە بە ڕەنگی سوور نووسراون، وەلە تەنیشت دیوارەکە پیاوێک بە جل و بەرگی کوردی ڕێ دەکات و چەکێکی لەسـەر شـانە کە لە بڕنـۆ دەچێـت، وە بە دەستی ڕاستی بوخچەیەکی هەڵگرتـووە. وە لە لای چەپی تابلۆکـە دەرگایـەکی داخـراوی کـۆن هەیـە کـە لە دار دروسـت کـراوە، وە لەبەردەم دەرگاکە سێ ژن بەدی دەکرێن کە یەک لە دوایەك وەستاون و سەیری پیاوەکە دەکەن، وە لە ناوەراستی تابلۆکە بە درێـژی لەسەرەوە بۆ خوارەوە جۆگەڵەیەك هەیە، وە لە ناوەڕاستی بەشی سـەرەوەی تـابلۆکە ئاسـمانێکی بچـوك بـەدی دەکرێـت، بە گشـتی دیمەنەکە ئاماژە بە کۆڵانێکی کۆنی میللی شاری هەولێر دەکات.

**سەرچاوە کلتوورییەکان:** ئەم کارە هونەریە گوزارشت لە واقعی میللەتی کورد دەکات کە بە خەبـاتی چەکـداری لە دژی زوڵـم وستەم دەوەستان، هەروەها گوزارشتێکیشە بۆ سروشتی کۆمەڵگای کوردی و بزووتنەوە فیکرییەکـانی ئەو سـەردەمە، وە کـاریگەری فیکری لە داڕشتنی ئەم کارە هونەریە زۆر ڕوونە و دەگەڕێـتەوە بـۆ مەرجەعـی کولتـووری خـودی هونەرمەنـد و ئینتیما سیاسـی و ئایدیۆلۆژییەکانی کە پاڵ بە ئاراستەی دەربڕینی ئەوکاتی شەقام و سروشـتی ژیـانی ڕۆژانە و کێشـە و گرفتەکـانی خەڵـکەوە دەنێـت، ئەم کارە دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێک لە ڕیالیزمی سۆسیالیستی کە ئەم شێوازە لە هونـەری شـێوەکاریدا کـاریگەری لەسـەر هونەرمەنـد هەبووە، وە دەتوانین بڵێین کاریگەرییە فیکرییەکان لەڕوانگەی خوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ ئەم کارە هونەریـە ئەوەیە کە هونەرمەند مامەڵەی لەگەڵ سروشتی ژیان کردووە نەوەك خەیاڵ، واتە باس لە واقیع دەکات، ئینتیمای نەتەوەیی وسۆزداری بۆ نەتەوەکەی دیار دەکات، واتە هونەرمەند لە ڕێگەی ئەم کارەوە ئینتیمای خۆی بۆ گەلی کورد پشتڕاست دەکاتەوە، ئەو لەڕێگەی تابلۆکەیەوە هەسـت وهەڵوێستی بەرامبەر بەمەسەلەی کوردی دەردەبڕێت.

**سیستەمی پێکهاتە:** ئەم کارە هونەریە دابەشکراوە بەسەر چەند ئاستێك، ئاستی خـوارەوە، ئاستی لای ڕاسـت و لای چـەپ و ئاستی بەرامبەر، بەم شێوەیە بۆشایی ئاسمانەکە تەسک بۆتـەوە، وە تەسـکبوونەوەی بۆشـایی ئاسـمانەکە جۆرێـک لە نـاڕەحەتی بـۆ بینەر دروست دەکات، چونکە زۆربەی بۆشایی کارەکە بە دیوارەکان داخراون، ئەم دیوارانە بەم شێوەیە نیشانە و هـێمای تایبـەتیان هەیە، هەروەها ئەو سێبەرە تۆخەی کە لەسەر بەشێکی گرنگی کارەکە بەدی دەکرێت... قورسایی دروست کردووە بە پێی ڕەگـەزەکانی هونەری ئەکادیمی کە لێرەدا هونەرمەند بۆ گوزارشت کردن لە بابەتەکەی لێهاتووانـە مامەلـەی لەگەلـدا کـردووە، وە نـاوەڕۆکی ئەم کارە ڕەهەندی کولتووری کۆمەڵگای کوردی ئەو سەردەمەی ورگرتووە، ئەمەش بریتییە لە ئاشـکراکردنی ڕووی ژیـانی ڕۆژانەی گەلـی کورد، کە دەرهاوێشتێکی نیگەرانییە کە تاکی کورد پێوەی دەنالاند، کە زۆر بە ڕوونی لە دەربڕین و داڕشتنی شێوەی پیاوەکەدا دیـارە، سەرەڕای دەربڕینی نیگەرانی سەبارەت بە چارەنووسی نادیـار و بـارودۆخی ژنـەکان کـە پـێکەوە کۆبـووینەوە وەک ئەوەی لە شـتێک بترسن، وە لـە دیـوێکی دیکـەی تابلۆکـە... ئـەم بابەتـە جۆرێـك لـە بەرخۆدانمـان بـۆ دەگێرێتـەوە کە گەلـی کـورد سـالە هـای سـالە خەریککیەتی لە دەست ئەو دۆخە زۆردارەی کە لە ماوەی پێشوودا هەبوون بـە تایبـەتی لە سـەردەمی پـێش سـاڵی 2003دا، هەمـوو ئەمانە ئاماژەن بۆ ناسەقامگیری و دڵەڕاوکێی لای خێزانە کوردەکان بەگشتی.

**شێوازو کەرەستەکان:** ئەم تابلۆیە بە ڕەنگی ڕۆنی لەسەر قوماشی کانڤاس دروستکراوە، لەم تابلۆیـەدا هونەرمەنـد گرنگـی بـە وێنا کردنی واقیع داوە بە شێوەیەکی وورد و ڕوون بـە بـێ شـێواندن،کە هـەموو ئەمانـەش خـۆی لـە قوتابخانـەی واقعـی ریـالیزمی دەبینێتەوە.

### 4. بەشی چوارەم: ئەنجام و دەرەنجامی توێژینەوە

#### 4. 1. ئەنجامەکانی توێژینەوە:

لەڕێگەی زانیاریەکان و نیشانەکانی چوارچێوەی تیۆری و شیکردنەوەی نموونەکان توێژەران گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- هونەرمەند محەمەد عارف لە شێوازی دەربڕینخوازیدا (ئیکسپرسیۆنیزم) هەست و سۆزی خودی بەرجەستە کردووە و وردەکاری پشت گوێ خستووە لە پێناو بەرژەوەندی دەربڕینی دەروونی ناوخۆیی خودی هونەرمەند، وەک لە نمونەی (1).

2- هونەرمەند محمد عارف شێوازی هێماگەرایی بەکارهێناوە، بۆ بەرجەستە کردنی بیرۆکەکانی لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە شێوەی واقیعی، وەک لە نموونەی (2).

3- شێوازی واقیعی هونەرمەند محەمەد عارف لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی شێوەکان و جەختکردنەوە لەسەر توخمە ژینگەییەکانی دەوروبەری بە دیار کەوتووە، وە لە چوارچێوەی بابەتەکەی مامەڵەی لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کردووە، وەک لە نمونەی (3)دا دەرکەوت.

4- هونەرمەند بۆ بەکارهێنانی توخمە سروشتییەکان ئیلهامی لە ژینگەی جوگرافیایی دەورووبەری وەرگرتووە، وەک لە نمونەی (1-2-3).

5- هونەرمەند محمد عارف مامەڵەی لەگەڵ ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کردووە کە کاریگەرییەکەی لە ژینگەی دەوروبەری سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش لە نمونەی (1-2-3)دا ڕوونە.

#### 4. 2. دەرئەنجامەکان:-

1- هونەرمەند محەمەد عارف لە ڕووی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی و جوگرافیایەوە کاریگەری ژینگەی دەوروبەری خۆی لە سەر بووە، ئەمەش بە جەختکردنەوە لە توخمە ژینگەییەکانی سروشت و پرسە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ڕووی جوگرافییەوە گرێدراون بە ژینگەی دەورووبەریەوە ئەمەش هەمەچەشنییەکی نایابی لە بەرهەمە هونەریەکانیدا دروستکرد.

2- گۆڕانکاریە شێوازییەکانی هونەرمەند محەمەد عارف چەندین قۆناغی لەخۆگرتبوو، بەجۆرێک کە بە هونەرمەندێک دادەنرێت هەموو گەڵاڵە فیکرییەکانی لەخۆگرتووە و زۆربەی قوتابخانە و ڕەوتە هونەرییەکانی بەرجەستەکردووە، وە لەم نمونانەی کە هەڵمانبژاردوون شێوازی دەربرینخوازی و هێماگەرایی و ریالیزمی بەکار هێناوە.

3- شێوازی هونەرمەند محەمەد عارف شێوازێکی تایبەت بە خۆی وەرگرتووە لە ڕێگای دەربڕینی ئەزموون و زانیاریەکان و ڕۆشنبیری هونەریەکەی، کە ئەمەش لە ڕێگەی گۆڕانکارییە شێوازییەکانیەوە لە ماوەیەکی کاتیی دیاریکراودا ناوازەیی بە تابلۆ هونەریەکانی بەخشی، وە گواستنەوەی شێوازی بۆ نەخشە هونەریەکان و وەرگرتنی بیرۆکەی دیاریکراو سەرەڕای بوێرییەکەی لە مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعدا، ئەمەش لە بەرامبەردا پشتگیری لە بیرۆکەی گۆڕانکارییە شێوازییەکانی هونەرمەند دەکات.

#### 4. 3. ڕاسپاردە:-

- لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامی توێژینەوەکەدا، توێژەران پێشنیاری ئەمانەی خوارەوە دەکەن:

1- بەڵگەنامەکردن و کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی هونەرمەند محەمەد عارف و بە چاپکردنی کتێبێک بەناوی هونەرمەندەوە، بەمەبەستی سوودوەرگرتن لێیان لەڕووی هونەری و زانستییەوە.

2- پاڵپشتیکردنی پرۆژەی توێژینەوەی زانستی بە چاپکردنی کتێب لەسەر گۆڕانکارییە شێوازییەکان بۆ بەشداریکردن لە پێشخستنی بزووتنەوەی هونەری شێوەکاری لە هەرێمی کوردستانی عیراق.

### 4. 4. پێشنیار:-

وەک تەواوکارییەك بۆ لێکۆڵینەوەی ئێستا، توێژەران پێشنیاری ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە دەکەن بەم شێوەیە:

1. لێکۆڵینەوە لە واتا ڕەمزییەکان لە تابلۆکانی هونەرمەند محەمەد عارفدا.
2. توێژینەوە لەسەر گۆڕانکارییە شێوازییەکان لە تابلۆی هونەرمەندانی کوردستاندا.
3. لێکۆلینەوە لە تەکنیکە بە کارهاتووەکان لە تابلۆی هونەرمەندانی کوردستان.

### 4. 5. لیستی سەرچاوەکان:

### 4. 5. 1. فەرهەنگەکان بە زمانی عەرەبی:


- أي جي مولر، وفرانك ايغلر. مئة عام من الرسم الحديث، تر: فخري خليل، بغداد، دار المأمون للترجمة والنشر، 1988.
- البستاني، بطرس. (1979) محيط المحيط، قاموس عصري مطول للغة العربية، المجلد الثاني، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.
- حسن ،محمد حسن. مذاهب الفن المعاصر والرؤية التشكيلية للقرن العشرين، دار الفكر العربي، د.ت.
- صليبا، جميل. (1982) المعجم الفلسفي، ج1، دار الكتاب اللبناني، مكتبة المدرسة، بيروت،.
- كامل، مجدي. (١٩٧٩) والمهندس، هبه، معجم المصطلحات العربية في اللغة والادب، مكتبة لبنان، بيروت.
- مدكور، ابراهيم. (1983)، المعجم الفلسفي، مجمع اللغة العربية، الهيئه العامة لشؤن المطابع الاميرية، القاهرة.
- النجار، محمد علي. (2008)، المعجم الوسيط، ط4، مكتبة شروق الدولية، مجمع لغة العربية، مصر.
- نيوماير، سارة، قصة الفن الحديث، تر: رمسيس يونان، سلسلة الفكر المعاصر، القاهرة ، 1972.


#### 4. 5. 2. سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:


- ابو ديب، كمال. (1979) جدلية الخفاء والتجلي، دار العلم للملايين، بيروت.
- اتيان، سوريو. (1982) الجماليات عبر العصور، تر: ميشال عاصي، منشورات عويدات، لبنان، باريس.
- امهز، محمود. (1996) التيارات الفنية المعاصرة، ط1، شركة المطبوعات للتوزيع و النشر، بيروت، لبنان.
- البديري. عاصم فرمان صيوان (1999) المتحول في الفن العراقي المعاصر، أطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية الفنون الجميلة، جامعة بغداد.
- بيير، جيرو. (1994) الاسلوبية والتحليل الخطاب، تر: منذر عياش، ط2b، مركز الانماء الحضاري، سوريا.
- جرداغ، عبد الحليم. (1975) تحولات الخط واللون، مدخل الى ماهية الفن الحديث، دار النهار للنشر، بيروت.
- الحلو، سامر جاسم. (2007) اساليب التعبير في نصب الجندي المجهول في العالم، رسالة ماجستير غير منشورة، قسم الفنون التشكيلية، فرع نحت، كلية الفنون الجميلة، جامعة بغداد.
- الصائغ، عبد الإله. (1987)، الصورة الفنية معياراً نقدياً، دار الشؤون الثقافية، بغداد، العراق.
- العلوي، تصحيح سيد علي العرضي. (1914) الطراز المتضمن لأسرار البلاغة وعلوم حقائق الإعجاز، دار الكتب الخديوية، مطابع المقتطف، القاهرة، مصر.
- القش، فوزي. (1968)، الفن الحديث، دار الكتاب اللبناني، بيروت.
- الكسندر، دوشكا. (1989) الابداع العام والخاص، تر: غسان ابو فخر، الكويت، سلسلة عالم المعرفة، الكويت.
- مولر، أي جي. و ايغلر، فرانك. (1988) مئة عام من الرسم الحديث، تر: فخري خليل، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد.
- النحوي، عدنان علي رضا. (1999) الاسلوب والاسلوبية بين العلمانية والادب الملتزم بالاسلام، دار النحوي للنشر والتوزيع، ط1، الرياض.
- هويغ، رنيه. (1978) الفن تأويله و سبيله، تر: صلاح برمدا، دمشق، وزارة الثقافةوالارشاد.


#### 4. 5. 3. نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا


- احمد. الاء علي، (2021)، جدليه الثابت والمتحول في التشكيل العراق المعاصر- فناني المهجر انموذجا، أطروحة دكتوراه غير منشورة، فلسفة في الفنون التشكيلية، كلية الفنون الجميلة، جامعة بصرة.
- صياحي، رشيد. (2019) دراسة أسلوبية في شعر موسى الاحمدي نويوات، رسالة ماجستير تخصص أدب جزائر، كلية الاداب واللغات، جامعة محمد بوضياف- المسيلة، جزائر.
- العلواني. حمزة علاوي مسربت، (2008) التحولات الأسلوبية في رسوم بيكاسو بين الذاتي والموضوعي، رسالة ماجستير في التربية الفنية غير منشورة، كلية الفنون الجميلة، جامعة بابل.
- فرمان، حيدر خالد. (1988) الرمز في الفن العراق المعاصر، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الفنون الجميلة، جامعة بغداد.

- الكناني، محمد چلوب. (2004) حدس الانجاز في البنية الابدعية بين العلم والفن، اطروحة دكتوراه غير منشور، كلية الفنون الجميلة، جامعة بغداد.

**4. 5. 4. گۆڤار و ئینسایکلۆپیدیا**

- درويش، سعيد. وأخرون، (2013) الرمز والرمزية في الفن التشكيلي، مجلة منشورة، جامعة دمشق للعلوم الهندسية المجلد التاسع والعشرون، سوريا.
- روزنتال. (1980) الموسوعة الفلسفية المعاصرة، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت.
- لالاند، اندريه. (2001) موسوعة لالاند الفلسفية، ج3، تر: خليل احمد خليل، منشورات عويدات، ط2، بيروت.
- يوسف، قليل. (2009) مدخل الى الاسلوبية، مجلة العلوم الاجتماعية، 2009، ب،ص. www.swmsa.net

**4. 5. 5. سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:**



- Larousse, librairie. (1982) Larousse Universel, tome 2, Paris.

**4. 5. 6. تۆڕی زانیاری ئینتەرنێت:**

- https://ar.wikipedia.org/wiki
- https://arz.wikipedia.org/wiki
- www.swmsa.net

**هاوپێچ (1)**

خستنە رووی كۆمەڵگای توێژینەوە كە تایبەتە بە تابلۆكانی هونەرمەند محەمەد عارف بۆ بەردیدی شارەزایانی بواری هونەری

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
|  |  |  |  |  |  |
| A6 | A5 | A4 | A3 | A2 | A1 |
|  |  |  |  |  |  |
| A12 | A11 | A10 | A9 | A8 | A7 |
|  |  |  |  |  |  |
| A18 | A17 | A16 | A15 | A14 | A13 |

**التحولات الاسلوبية في لوحات الفنان محمد عارف**
**(دراسة تحليلية فنية)**

**توانا يحيى خضر**
قسم الفنون التشكيلية، كلية فنون الجميلة، جامعة صلاح الدين اربيل
twana.khudhur@su.edu.krd

**قاسم حسين صالح**
قسم علم النفس، كلية الآداب، جامعة بغداد
qassimsalihy@yahoo.com

**مؤيد اسماعيل جرجيس**
قسم الارشاد التربوي النفسي، كلية التربية، جامعة صلاح الدين اربيل
moaid.jarjis@su.edu.krd

**ملخص:**
تناول البحث الموسوم "التحولات الاسلوبيه في لوحات الفنان محمد عارف"، هو دراسة تحليلية فنية تتكون من اربعة فصول تضمن الفصل الاول الأطار المنهجي:- مشكلة البحث وتحددت بسؤال واحد كالآتي: (ما هي التحولات الأسلوبية في أعمال الفنان محمد عارف؟ وأهمية البحث وأهدافه وحدوده وتعريف المصطلحات. أما الفصل الثاني فهو مخصص لإطار النظري، ويشمل مبحثين: المبحث الأول: مفهوم الثابت والمتحول، والمبحث الثاني: الأسلوب و الاسلوبيه في الرسم الحديث، ومن ثم اختيار مؤشرات الإطار النظري والدراسات السابقة، ثم يأتي الفصل الثالث: وهو مختص بإجراءات البحث، المتكون من مجتمع البحث وعينة البحث ومنهجية البحث، والتي تضم (3) عينة. اما الفصل الرابع والأخير يختصص بنتائج واستنتاجات البحث: وكانت النتائج: 1-جسد الفنان محمد عارف بأسلوب تعبيري بمشاعره وانفعالاته وتجاهل التفاصيل للتعبير عن ما في داخل الفنان نفسه كما في عينة(1). 2. استخدم الفنان محمد عارف الرمزية للتعبير عن أفكاره من خلال استخدام أشكال واقعية، كما في المثال (2).3. يتجلى الأسلوب الواقعي للفنان محمد عارف من خلال تجسيد الأشكال والتأكيد على العناصر البيئية المحيطة به، ويتعامل مع القضايا الاجتماعية والسياسية في إطار موضوعه كما هو موضح في عينة (3). 4. استوحى الفنان من البيئة الجغرافية المحيطة به لاستخدام العناصر الطبيعية كما في عينة (1-2-3). 5. تناول الفنان محمد عارف المحتوى السياسي والاجتماعي الذي نبع تأثيره من البيئة المحيطة، وهذا ما كان واضحاً في عينة (1-2-3). وقدم الباحثون بعض من التوصيات و المقترحات و أخيراً قائمة المصادر.

**الكلمات المفتاحية:** متحول، التحولات، الاسلوب، الاسلوبية.

**Stylistic Shifts in The Paintings of the Artist Muhammad Aref**
**(Technical Analytical Study)**

**Tawana Yahya Khader**
Department of Fine Arts, Faculty of Fine Arts, Salahaddin University-Erbil
twana.khudhur@su.edu.krd

**Qasim Hussain Saleh**
Department of Psychology, College of Arts, University of Baghdad
qassimsalihy@yahoo.com

**Moaid Ismail Jarjis**
Department of Educational and Psychological Counseling, College of Education, Salahaddin University-Erbil
moaid.jarjis@su.edu.krd

**Abstract**
The research project "The stylistic transformations in the paintings of the artist Muhammad Arif" is an artistic and analytical study consisting of four chapters. The second chapter is dedicated to the theoretical framework and includes two sections: the first topic, the concept of the constant and the variable, and the second topic, style and stylistics in modern drawing, followed by the selection of indicators for the theoretical framework and previous studies. The third chapter is concerned with research procedures. It consists of the research community, the research sample, and the research methodology, which includes three samples. As for the fourth and final chapter, it deals with the results and conclusions of the research. The results were: 1. Muhammad Arif expressed his feelings and emotions in an expressive manner, ignoring the details to express what was inside the artist himself, as in a sample (1). 2. He also used symbolism to express his ideas through the use of realistic forms, as in example (2), and politics within its subject, as shown in sample (3). 4. The artist was inspired by the surrounding geographical environment to use natural elements as in the sample (1-2-3). 5. Muhammad Arif dealt with the political and social content whose influence stemmed from the surrounding environment, and this was evident in a sample (1-2-3). The researchers presented some recommendations and suggestions, and finally a list of sources.

**Keywords**: transformative, transitions, style, stylistics.